# "شوناسی درۆیینی لوییس بۆرخێس"

ن: ئانتۆنیۆ تابوکی

و بە فارسی: ئەسغەر نووری

و بە کوردی: کامیل نەجاڕی

زۆر لەمەوبەر، گۆڤارێکی فەرەنسی هەواڵێکی بێ وێنەی بڵاو کردەوە: "خۆرخێ لوییس بۆرخێس" بوونی نەبووە. کەسایەتییەکی ناسراو بەو ناوە، هیچ نەبووە جگە لە داهێنانی گرووپێکی بچووك لە نووسەران و رووناکبیرانی ئەرژەنتینی (دیارە "بیوئاکازارس"یش لە نێویان دا بوو) کە بەرهەمە بەکۆمەڵەکانی خۆیان لە ژێر دەمامکی پێرسۆناژێکی خەیاڵی بڵاو دەکردەوە و ئەو کەسەش کە بە ناوی بۆرخێس ناسراوە، ئەو پیرەپیاوە کوێرە، بە گۆچان و بزەی تاڵی سەر لێوی، شانۆکارێکی دەرەجە سێی ئیتالیایی بووە (لەو گۆڤارەدا تەنانەت ناوەکەیشی نووسرابوو بەڵام من لە بیرم چۆتەوە) کە سەرەتا تەنیا بە هۆی گاڵتەیەکی ئاساییەوە بەکرێ گیراوە و پاشان وا کەوتۆتە ناو داوی ئەو پێرسۆناژەی کە دەورەکەی گێراوە، بە ناچاری قەبووڵی کردووە کە بەراستی بۆرخێس بێ. هەواڵەکە بۆرخێسی و خۆی لە خۆیدا خافڵێنەر بوو ـ ئەگەرچی من هەر خێرا بیرم لێ کردەوە کە لە پشت ئەو گاڵتەیەوە جگە لە بۆرخێس هیچ کەسێکی تر نییە ـ لە لایەکی تر ئەو بابەتە بوو بە هۆی هاتنە ئارای باسێك کە دەگەڕایەوە بۆ کاتێکی زۆر دوورتر. بۆ کاتێك کە "کێشە"ی بۆرخێس لە ئەورووپا هاتوهاوارێکی زۆری نایەوە. گەورە توێژەری ئەدەبیات، "رۆژێ کایۆئا" سەرچاوەی هەموو ئەو باسانە بوو. ناوبراو سەرئەنجام نووسەرێکی بیانیی دۆزیبۆوە کە دەیتوانی شتێك بخاتە بەردەم خوێنەرانی فەرەنسی کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ناوەڕۆکە گوندی و کەسێنییەکان هەبوو کە خەریك بوو لەو سەردەمە دا ئەدەبیاتی فەرانسەیان لە ناو دەبرد.

ئەو سەرکەوتنەی لە فەرانسە پێکهات، زۆر زوو سەرکەوتنی بۆرخێسی لە هەموو ئەورووپا دا دەستەبەر کرد و بە تەنزێکەوە کە هەمووکات دەیتوانی بە یارمەتیی ئەو تەنزە، خۆی پێچەوانە نیشان بدا، رایگەیاند کە ئەو "داهێنانی کایۆئا" بووە. شتێك کە ناویان نابوو "بڕەوی ئەدەبیاتی ئەمریکای باشوور" درێژەی رێگاکەشی بڕی و بازاڕی کەلتووریی بۆرخێسی خولْقاند و چیرۆکەکانی ئەوی وەك بەشێك لە ئەدەبی ئەوپەڕراستەقینە ـ شتێك کە وەك ئارمێك بە سەر ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتینیانەوە نووساندووە ـ پۆلێنبەندی کرد و بەو شێوەیە بۆرخێس بێگومان بە بێ ئەوەی حەز بکا، خۆی لە حاڵی پێشاندانی "شێوازی" سەرلەبەری کیشوەرێك دیت.

بەڵام سەرەڕای ئەو تێبینییانە، بە تایبەتی دەبێ بڵێین، خۆ بواردنی بۆرخێس لە ئاشکرا کردنی شوناسی کەسێنیی خۆی (هیچ کەس بوون) تەنیا ئاکارێکی هایدن(هستی) ناسانەی تژی لە تەنز

نییە، بەڵكوو ناوەرۆكی ناوەندیی چیرۆكەكانیشێتی. ناوەندێك كە وێدەچوو هەموو ئەو موتیفە مەزنانەی كە كەسایەتییان بە بەرهەمەكانی دەبەخشی، لەوەوە سەرچاوە دەگرن: كاتی بازنەیی (بۆ وێنە لە چیرۆكی ئەلف دا)، كەسایەتیی هەمیشەیی یادەوەریی (فونس یا یادەوەری)، هەزارتوێ (هەرماو- جاویدان)، ئاوێنە (كتێبخانەی بابل)، مسۆگەر نەبوونی دیاری كردنی سنووری چاكە و خراپە (سێ گێڕانەوە لە یووحەننا). تێمی خائین و قارەمان و هەموو خوازەكانی هەقیقەت كە ئەو دایهێنابوون بۆ ئەوە دارشتنەوەی خۆی لە دنیا وێنا بكات یا وەك شوپێنهاوێر "خود"، وەك ئیرادە یا دارشتنەوەیەك لە مەرِدنیا بدوێ. لە چیرۆكی "برینی شەمشێر" دا بۆرخێس بە هۆی پێرسۆناژی خۆی، جان وینسۆن مۆن، ئەو یەقینە دەردەبڕێ كە : "كرداری مرۆڤێك وەهایە وەك بڵێی هەموو مرۆڤەكان ئەنجامیان داوە. هەر بۆیەش نادادوەرانە نییە ئەگەر نافەرمانییەك لە بەهەشتا هەموو مرۆڤەكان دەگرێتەوە و نادادوەرانەش نییە ئەگەر لەخاچ درانی مەسیح بە تەنیا بۆ كڕینەوەی هەموان بەسە. ڕەنگە شوپێنهاوێر هەقی بوو كە دەیكوت: من خەڵكانی ترم. هەر مرۆڤێك هەموو مرۆڤەكانە و بە لێكدانەوەیەكی تر شكسپێر هەمان "وین سێنت مۆن"ی سووك و چرووكە".

ئایا خۆرخێ لووییس بۆرخێس كافر بوو؟ حەز دەكەم وا بیر بكەمەوە كە نا (یا ئەگەر بتوانم بڵێم، بە تەواوی نا). ڕەنگە لە بەرهەمەكانی ئەو دا زیاتر لە شۆپێنهاوێر، ڕۆحێكی مەزنی ئیسپینۆزایی هەیە، جۆرێك لە پلاسمای بە كۆمەڵ كە هەموو جۆرەكانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێ و لە ئەدەبیات دا، هەموو ئەدەبیات (یا جەوهەری ئەدەبیات) بە بێ سەرنجدان بە تەكووزیی مێژوویی لە خۆی دەگرێ: تەكووزییەك كە دەتوانێ هۆمێر بخاتە پاش لێئۆپاردی یا پرۆست.

گەورەترین دەرسی ئەو مامۆستایە كە بە شێوەیەكی تانەئامێز هەمیشە خۆی لە بوون دەبوارد، ڕەنگە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ كە ئەدەبیاتیش وەك جۆری مرۆڤ، هزرێكی گشتییە. جۆرێك لە ڕۆح كە هەموو ئەو كەسانەی دەینووسنەوە تێیدا شەریكن. كەڵك وەرگرتن لە بۆرخێس و دزیی ئەدەبی تەنانەت بە شێوازی لاسایی كردنەوە، مافێكە كە ئەو بە ئێمەی داوە. چونكە من پێم وایە بۆرخێس رێك ئەوەیە، خاڵێكی جێی متمانە و بەرز لە ئەدەبیات دا و لە هەمانكاتیش دا بە شێوازێكی دژبەر، حاشا كردنی توندرەوانەی ئەو دەرسێكی بەرزی گومانە. ڕەنگە هەر بەو هۆیەشە كە بۆرخێس لە ناو چەپخوازەكان دا نەیاری زۆر سەرسەختی هەیە وەك چۆن لە ناو ڕاستەكان دا هەیبوو. چونكە ئەو لە ڕێگای خوازە ئەدەبییەكانییەوە هەموو كەسی تێگەیاند كە لایەنگری لە هیچ یەقینێك ناكات مەگەر ئەوەی سەرەتا لە سەر گومان بنیات نرابێ. بۆرخێس بەراستیی پشتیوانیی لە چی كردووە؟ سەرەڕای هەڵبژاردنە شیمانەییەكانی ئەو كە زۆربەی كات بە ڕاستی ئازاردەر بوون، زۆر جاران ئەوەم لە خۆم پرسیوە. بۆرخێس تەنیا پشتیوانیی لە هۆشی خۆی كردووە. لە ڕاستیدا جگە لەوە هیچ پشتیوانییەكی تر نابینم. زۆربەی كات لە سەر ئەو بڕوایە بووم كە ئەو كەسێكی ڕۆشنگەر بووكە لە دەرەوەی سەردەمێك كە بەو ناوە ناسراوە ژیا و لە سەدەی بیستەم دا وەك شتێك لە شێوەی مرۆڤێكی ڕۆشنگەری "پێچەوانە" ناسرا.

چاك دەزانم ئەو شتەی كە دەیڵێم ڕەنگە ناڕوون بێتە بەر چاو و ڕەنگە واش بێ. بەڵام لە شێوازێكدا كە بۆرخێس بۆ هۆی ئەوەوە سەیری جیهان دەكات، جۆرە دەربڕینێك هەیە، كە بە

دڵنیاییەوە بە لای منەوە ئەو واتایەی هەیە: "هەوڵێك بۆ عەقڵانی کردنی بابلی راستەقینە، بە بێ هیچ بڕوایەك بە پێشکەوتن." کەواتا وا پێدەچێ کە بێ سوود یاخود بێ لێکدانەوەیە کە بۆرخێس، سەرەڕای هێندێك لایەنگری کە لە ژیانیدا کردوویەتی، بخەینە ناو ئایدیالۆژییە جۆراوجۆرەکان. ئەگەر جیهان دیسانیش ڕێگا بە وەها هەڵسەنگاندنگەلێك بداتەوە، جیلەکانی داهاتوو رۆژێك ئەو کارە دەکەن. لەمەڕ بۆرخێس دەبێ ئاماژە بەو خاڵەش بکەین کە ئەو نووسەرێکی گرینگە. ئەو بابەتە بە دڵنیاییەوە قەتعییەتێك رادەگەیەنێ کە بایەخێکی رەخنەگرانەی ئەوتۆی نییە.

سەرەڕای ئەوانەش حاشا لە گرینگیی ئەو ناکرێ. تەنانەت لە لایەن نەیارەکانییەوە کە گەلێکیش زۆرن، ئەو چەمکە واتایەکی رەنخەگرانەی هەیە. حەزی ئەو بۆ داهێنان و دژبەری، توانستی ئەو لە گومان کردن لە هەموو ئەو شتانەی پێدەچێ بە تەواوی سەلمابن و تایبەتمەندیی ئەو لە گەمە کردن بە پێوەرەکانی جوانیناسی و ئەخلاق، شایەدی خێرایییەکی سەلماون لە گواستنەوەی زەینیدا. لە کۆتایی دا دەڵێین ئەو توانایەکی لە رادەبەدەری بۆ پشکنینی بەشی تاریکی هەقیقەت هەیە و ئەو بۆچوونەش بۆ ئێمە دەگوازێتەوە کە هەموو شتگەلی ئاشکرا، بەرهەست، ئەرخەیان و بە واتایەکی تر بەرچاو، خاوەنی رەهەندگەلی تاریك و نەناسراون کە دەتوانن ئەو بەرچاو بوونە لەرزۆك بکەن، پێچەوانەی بکەنەوە و تەنانەت لەناوی ببەن. بۆرخێس ئەو کردەوە ورد و زیرەکانەیەی بە تایبەت لە چیرۆکەکانی دا کردۆتە واقیع، ئەو چیرۆکانەی خۆی وەك "ریالیستی" ناوزەدیان دەکا و لە نێو ئەوان دا بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە ئەو چیرۆکانە ناو دەبەم: ئێما زۆنز (لە ئەلف)، پیاوی ماڵ سوور و ئەنجیل بە گوێرەی سەن مارك (راپۆرتی برودی.(

ئەم چیرۆکە ریالیستییانەی بۆرخێس کە زۆربەیان لە گۆڤاری "سوری بۆینوس ئایرێس" چاپ کراون و بۆرخێس ئەوانەی لە گۆشەی رووداوەکانی رۆژنامەکان وەرگرتووە، (پێم وایە جەخت کردنەوە لەسەر ئەوە گرینگە کە بۆرخێس گۆشەکانی رووداوەکانی بە وردی دەخوێندەوە) بە بڕوای من باشترین بەرهەمە چیرۆکییەکانی ئەو پێك دێنن. رێك لەبەر ئەوەی کە ئەو بە کەڵك وەرگرتن لە شێوازگەلی پۆلیسیی سەیر و سەمەرە، هێندێك شت وەك پەتایەك دەگوازێتەوە بۆ ئێمە. گومان لە شتێك کە "راستەقینە"یە، گومان کردن لەمەڕ یەقین و ئایدیای زاتی گوماناویی ژیان.

بۆ وێنە چیرۆکی "ئێما زۆنز" بێنینە بەر چاو: بۆرخێس بەسەرهاتی "کچێکی جوولەکەی بەرەچەڵەك ئاڵمانی"مان بۆ دەگێڕێتەوە (لە راستیدا ئەو چیرۆکە لە بۆینوس ئایرێس روویداوە) کە بۆ ئەستاندنەوەی تۆڵەی باوکی، کارێك دەکات کە لە لایەن مەلەوانێکی بێگانەوە دەستدرێژیی بکرێتە سەر، بۆ ئەوەی بتوانێ پیاوێك بکووژێ کە بنەماڵەکەی نابووت کردووە و لە هەمانکاتیش دا وڵامێکی پاساوهەڵگر بۆ پۆلیس دەستەبەر دەکات. چیرۆکەکە بەو وشانە کۆتایی پێ دێ: بەسەرهاتی ئێما زۆنز سەیر و سەمەرە بوو بەڵام ئەو خۆی بەسەر هەمووکەس دا سەپاند، چونکە ئەو هەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر بوو، شێوە ئاخاوتنی ئێما راستەقینە بوو، هەر وەك چۆن پاکی و نەفرەتەکەشی راستەقینە بوون و هەر بەو شێوەیەش ئەو زیانەی کە ئەو خۆی لەبەر راگرت راستەقینە بوو. تەنیا بارودۆخەکان، کات و هێندێك لە شوێنەکان ساختە بوون. "

پێم وایە بۆرخێس کاتێك بە شوێن دژبەرییەکانی ژیان دا دەگەڕێ و لە ئەدەبیات دا دەکاری دەکات، لە بنەڕەتدا دەیهەوێ بڵێ نووسەر بەر لە هەر شتێك، پێرسۆناژێکە کە خۆی خوڵقاندوویەتی. ئەگەر بە راستی دەمانهەوێ پشتگیری لە دژبەرییەکەی بکەین و قەبووڵی بکەین کە بچینە نێو گەمەکانی ئەوەوە، رەنگە ئیزنی ئەوەمان هەبێ کە بڵێین: خۆرخێ لوویيس بۆرخێس، پێرسۆناژی کەسێك کە بە هاوشێوەی ئەو دەناسرێ، هیچکات وەك تاکەکەسێك بوونی نەبووە. رەنگە ژیانی ئەو کتێبێك بێت و بەس.